
# پانۆرامای بەرچاوترین ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی ٢٠١٤

له ماوەی ساڵی رابردوودا جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەم، گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە دیت، زۆر ئامێر بەرهەم هاتن و کەوتنە بازاڕەوە کە پێشتر چاوەڕوانی هاتنیان نەدەکرا، کاروانی پێشکەوتن چەندین هەنگاو بەرەو پێشتر چوو، دیارە لەم بابەتەدا ناکرێت یەکە بەیەکەی ئامێرە تەکنەلۆژییە نوێیەکانی ساڵی رابردوو باس بکەین، بەڵام چاوخشاندنێك دەکەین بەسەر بەرچاوترین ئەو ئامێرانەی کە رەنگە لە ساڵی 2015 شدا لە ریزی پێشەنگەکان بن.




## کاتژمێری هۆشمەندی moto 360

کاتژمێرە هۆشـــمەندەکان رۆژ بـــەرۆژ زیاتر دەبن، لەنـــاو کۆمپانیاکاندا رکابەرییەکی جددی هەیە، بەڵام لە ســـاڵی 2014دا لەهەموویان ســـەرکەوتووتر، کاتژمێری مۆتۆ 360ی مۆتۆرلایە. کاتژمێرەکە راست لە کاتژمێرە کلاسیکیەکان دەچێت، بەڵام ژیرۆك و سمارتە. کاتژمێری هۆشمەند بەر لەهەموو شتێك دەبێت کاتژمێر بێت، کات نیشان بدات، جوان و سەرنجڕاکێش بێت، کۆمپانیاکانی دیکە ئەم خاڵانەیان بەرچاو نەگرتبوو، ئەوان زیاتر بیریان لە هۆشـــمەندی دەکردەوە. بەڵام مۆتۆرلا بە بەرهەمهێنانی مۆتۆ 360 ســـەلماندی کە پێشەنگە و بەهۆی کێبڵی مایکرۆ یوئێس بی شەحن دەبێتەوە.



## سامسۆنگ و Gear VR

هێدستی واقیعی مەجازی رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندندان، بۆ روونکردنەوەی چەمکی واقیعی مەجازی دەتوانین بڵێین ئەو فیلمەی بەو ئامێرە سەیریان دەکەی وەك ئەوەیە خۆت بچییە ناو فیلمەکەوە، بەڵام لەراستیدا مەجازییە و واقیعی نییە. لە سەرەتادا (ئەکیۆلوس و سۆنی) بوون هاتنە مەیدانەکەوە، بەڵام دواتر کۆمپانیای سامسۆنگ ئامێری Gear VR بەرهەم هێنا کە بەهۆیەوە دەتوانرێت گەلەکسی نۆت 4 بکات بە سینەمایەکی سێ رەهەندی، راست وەك (کاردبواردی گوگل) پێویستی بە مۆبایلێکی هۆشمەندە کە ئەویش تەنیا گەلەکسی نۆت 4. بەرهەمهێنانی ئەم ئامێرە وایکرد کە لە داهاتوودا کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی مۆبایل ئامێری واقیعی مەجازیشی لەگەڵ دەخەنە بازاڕەوە.



## گوگڵ کاردبۆرد (goolge cardboward)

ســـاڵی 2014 ســـاڵی راستیە مەجازیەکان بوو، ئەم چەمکەش هەر لەم ســـاڵەدا هاتە ناو جیهانی تەکنەلۆژیاوە، زۆر بەرهەم لەم بوارەدا بەرهەم هاتن، هاوینی رابردوو گوگڵ ئامێرێکی بچووك، بەڵام گرنگی خســـتە بازاڕەوە (گوگل کاردبۆرد)، ئامێرەکە تەنیا پارچە کارتۆنێکە لەگەڵ دوو عەدەسەی چاو. بەهۆی ئەو کارتۆنەوەو پڕۆگرامێك دەکرێت، گشت مۆبایلێکی هۆشمەند وەك سینەمایەکی راستەقینەی لێبێت.



## یوتافۆن

یوتافۆن مۆبایلێکە کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ مۆبایلەکانی دیکەدا هەیە، چونکە گشت مۆبایلێك شاشەیەکی هەیە و وزەی زۆری باتریی مۆبایلەکە شاشەکە دەیبات، کۆمپانیای رووسی یوتا دوو ساڵ لەمەوبەر بیرۆکەی چێکردنی دوو شاشە لە مۆبایلێکدا هێنایە گۆڕێ، شاشەیەکی ئاسایی و شاشەیەکی رەش و سپی جۆری E-Ink لە پشتەوە. لە ساڵی 2014 دا ڤێرژنی نوێی مۆبایلی یوتا کەوتە بازاڕەوە، کە شاشە رەش و سپیەکە تەواو لەمسییە و دەکرێت، تویت، ئیمێل و پەیامەکان لە شاشەکەدا ببینی، ئەم شاشەیە بۆ کتێب خوێندنەوە زۆر باشە. یوتافۆن رامەکەی 2 گیگابایتە، میمۆرییەکەی 32 گیگابایت، کامێراکەشی 13 میگاپیکسلە.



## ئەپل پای

سیستەمی پارەدان بەهۆی مۆبایلە هۆشمەندەکانەوە لە بانك و سۆپەرمارکێت و شوێنە گەشتیارییەکان سیستەمێکی نوێیە، لە ساڵانی رابردوودا زۆر کۆمپانیا هەوڵیاندا ئەم تەکنەلۆژییە بەرەو پێش بەرن و هەندێکیشیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. کۆمپانیای ئەپلیش بە بەرهەمهێنانی a-ple pay هاتە مەیدانەکەوە، هەرچەندە گوگڵ خۆی لەم بوارەدا تاقیکردبۆوە، بەڵام سیستەمەکەی ئەپل زۆر پێشکەوتووتر و ئاسانتر بوو.



## تەلەڤزیۆنە چەماوەکان

ساڵی رابردوو دوو کۆمپانیای کۆری (سامسۆنگ و ئێل جی) هەوڵیاندا گۆڕانکاری بەسەر شاشەی تەلەڤزیۆندا بێنن و لەو شێوە کلاسیکیەی کە هەیەتی واتە تەخت، شێوەی نیمچە بازنەیی پێبدەن، ئەم تەکنەلۆژییە نوێیە دەکرێت وەك گۆڕانکارییەکی جددی لە جیهانی تەلەڤزیۆندا سەیر بکرێت، هەرچەندە هەتا ئێستاش بەو جۆرەی پێویستە پێشوازی لێنەکراوە، بەڵام دەکرێ لە ساڵی 2015 دا بە بەرفرەیی لە جیهاندا بڵاوبێتەوە.




## مایکرۆسۆفت بەند

مایکرۆسۆفت بە گۆشەنیگایەکی نوێوە هاتەوە ناو مەیدانی بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژیای نوێوە، بازووبەندێکی نوێی بەرهەم هێنا کە شاشەیەکی لەگەڵدایە و وەك کاتژمێرێکیش سوودی لێوەردەگیرێت. گرنگترین تایبەتمەندی ئەم مەچەکبەندە ئەوەیە کە لەگەڵ گشت سیستەمێك دەگونجێت. تواناکانی پێشووتریش لە لاپەڕەی ئایتیدا ئاماژەمان پێکردبوو، هەستەوەری لێدانی دڵ، ناسینی تیشکی سەرووی وەنەوشی، GPS بلوتوس، پێوانی کالۆری و پێوانی مەودای رۆیشتن...تاد. لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید، ویندۆزفۆن و ئایفۆن دەگونجێت.




## ئەدیسۆنی ئەنتەل

ئەنتەل کە لەمێژساڵە خەریکی بەرهەمهێنانی پارچەکانی کۆمپیوتەرە، Chipێکی نوێی بەرهەم هێناوە بە ناوی ئەدیسۆن، لە راستیدا کۆمپیوتەرێکی بچووکە و بەقەد میمۆری کارتێك دەبێت. تەواو سیستەمی لینۆکس دەخوێنێتەوە. لە سیستەمی وای-فای، بلوتوس و LE. سوود وەردەگرێت.



# تەبلێت- ئولترابووکی ئێل جی

کۆمپانیـــای LG تەبلێت ئۆلترابووکێکی نوێنـــی بەرهەم هێنا کە دەکرێت بڵێین وەك رکابەرێکی جیدی بۆ ســێرڤێس پرۆ3 دێتە ئەژمـــار. تەبلێت ئۆلترابووکەکە بەناوی Tab book duo ناسراوە، شاشەکەی 10 ئینجە و لە جۆری IPSیە. کێشی ئەم تەبلێتە بە تەنیا 530 گرامە، بەڵام بە کیبۆردە بلوتوســەکەوە 792 گرامە. تەبلێتی – ئولترابوکـــی ناوبراو ســتاندێکی لەگەڵدایە کە دەتوانی بەویســتی خۆت رێکی بخەی. سیستەمی ویندۆز 8ی لەسەرە، پۆرتێکی usb3 و پۆرتێکی HDMI لەسەرە، باترییەکەی هەتا 11 کاتژمێر دانابەزێت.



# درۆزنەکان ئاگاتان لەخۆتان بێت!


چەندین ســاڵ دەبێت ئامێری لێکجیاکردنەوەی درۆ و راســتی لە بنکەکانی پۆلیس و ئاسایشـــی وڵاتان سوودی لێوەردەگیرێت، ئێستا نموونەیەکـــی دیکەی ئەم ئامێرانە کە لـــە وڵاتی ژاپۆن بەرهەم هاتـــووە، بریتییە لـــە هیدفۆنێك کە لەســـەر دڵ دادەنرێت، بە لێکدانەوەی دڵ درۆ، یان راســتی لێکجیا دەکرێنەوە. ئەگەر لێدانـــی دڵـــی مرۆڤەکە ئاســـایی بوو، چرای ســـەوز هەڵدەبێت، بەمانای راستگۆیی کەسەکە دێت، چرای زەرد بەمانای ئەگەری درۆی تێدایە. ئەگەر لێدانی دڵ نۆرماڵ نەبێت، چرای ســـوور لێـــدەدات کە بە مانـــای درۆزنی دێت.. دروســـت وەك چرای تراف لایـــت. ئامێری polygraph بـــە لێدانی دڵ، زەختی خوێن و هەناســـەدان ئەگەری درۆ و راســـتی کەسەکە دەردەخات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەرێز دەپرسـێت ئەگەر لەســەر کۆمپیوتەرەکەم هیچ پرۆگرامێك نەبوو کە بتوانم بەهۆیەوە فیلمەکانی ســەر یوتیوب دابەزێنم، ئایا رێگەیەکی دیکە هەیە بۆ دابەزاندنی فیلمەکانی یوتیوب بەبێ پرۆگرام؟

خوێنەری بەرێز گەلێك شـێواز هەن بۆ دابەزاندنی گرتە ڤیدیۆییەکانی یوتیوب، لەوانە بوونی چەند ســایتێك کە ئەرکیان ئەوەیە ئاســانکاریت بۆ بکەن بەبێ پرۆگرام ڤیدیۆیەکان دابەزێنی، بەڵام ئاسانترین شێواز ئەوەیە لەسەر هەر گرتە ڤیدیۆییەك کە نیازت هەیە دایبەزێنی، تەنیا دوو پیتی (SS) لە ئەدرەسەکەی سەرەوە لە دوایی www. و لە پێش youtube و ئەنتەر لێبدە، دوای ئەوە دەچێتە سایتێك و لەوێدا بەو فۆرماتەی مەبەستتە فیلمەکە دابەزێنە.



# تەبلێتێک شوێنی تەلەڤزیۆن دەگرێتەوە

پێچەوانەی تەبلێتە نوێیەکان کە شاشەکەیان لە 13 ئینج تێناپەڕێ، تۆشیبا تەبلێتی جۆری TT301 لە قەوارەی 24 ئینجدا و بە کێشی 4 کیلۆ خستەبازاڕەوە، تەبلێتەکە دەکرێت وەك تەلەڤزیۆنێکی بچووك، یان وەك مۆنیتۆرێك بۆ کۆمپیوتەر سوودی لێوەربگیرێت. تەبلێتە بەهێزەکە کوالیتییەکەی فول ئیچ دییە، یەکەی لێکدانەوەی 1 گیگاهێرتزە، رامەکەی 1.5 گیگابایتە، هەروەها میمۆرییەکەی 16 گیگابایتە، بلوتوس و وای فای هەیە، تایبەتمەندییەکی نوێ کە لەم تەبلێتەدا هەیە، بوونی ریمۆت کۆنترۆڵ و دانانی کێبڵی HDMI بۆ پەیوەندیدان بە تەلەڤزیۆنی هەیە، تەبلێتەکە بۆ وانە وتنەوە بە سوودە.

# شێوازێکی نوێ بۆ خانووی سمارت




کۆمپانیای دی- لینك (هاب)ێکی نوێی بۆ هۆشمەندکردنی ئامێرەکانی خانوو بەرهەم هێناوە، (هاب)ەکە ناوی DCH-G020ـەیە و ئەم هابە دەتوانێت گشت کەرەسە و ئامێرەکانی ماڵەوە لە رێگەی شەپۆلی Z یا Zave بناسێنێ و پێکەوەیان ببەستێتەوە. Z wave سیستەمێکە هاوشێوەی سیستەمی وای- فای و بلوتوس. بەهۆی سیستەمی ناوبراو رووناکی ماڵەوە، هەستەوەری پێوانەی گەرمی، کامێراکانی چاودێری و کۆنترۆڵی دەرگا و پەنجەرەکان دەبنە هۆشمەند. جگە لە سیستەمی ناوبراو- سیستەمی وای-فایش دەخوێنێتەوە. سیستەمی ئاماژە بۆ کراو راستە سەرکەوتنێکە بۆ جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەم، بەڵام هێندەی دی مرۆڤ بەرەو ستی و تەمبەڵی جەستەیی هان دەدات.



# سایتێک بۆ چێکردنی خشتە و ئامار

چێکردنی خشتە و ئاماری گرافیکی، ئەگەر پرۆگرامێکت نەبێت لە کۆمپیوتەرەکەتدا ئەم کارە ئەنجام بدات دژوارە، سایتی Inforam ئەم گرفتەی لە کۆڵ کردۆتەوە، لەم سایتەدا خشتە، داتا، زانیاری گرافیکی سەرنجڕاکێش بەئاسانی چێدەکرێن. دەتوانی لە وانە و روونکردنەوە و زانیارییەکاندا سوودیان لێوەربگری. خزمەتگوزارییەکانی سایتەکە بێ بەرامبەرە. دەکرێت خشتە و زانیارییە گرافیکییەکانت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بڵاو بکەیەوە..